# بەچکە مەلوچکی وڵاتی من

## سولەیمان فەرشی

ئێرە ئەستانبۆلە، سەری هەشتمی ئەژدیهایكی حەوت سەر...
ورگی پڕە لە ئێسک و پروسکی هەزاران هەزار هەڵوشراوی داماو، شاری زێڕ وتاوان! ئەو شارە کە ئەسکەندەر یەکەمین شەربەتی تاوانی لێ هەلقوڕاند. شاری نەوەکانی چەنگیز! هەموو پیاوکوژەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێرە، دەمی شەمشیرەکانیان دەمە زەرد کردۆتەوە! ئێرە شاری حەکەدارکردنی مێژووە!
ئێرە شاری لە سێدارەدانی وشەیە، شاری هەناسە سووتاوەکانی وون بوو لە کەلێن و قوژبنی تاریخ!
هەموو شاعیرانی ئەو شارە وشەکانیان دەکەنە ورکە نان و دیرژێنە بەر دەنووکی مریشکێکی باڕۆکە و چاوەڕوانی هێلکەی دووزەردێنە دەکەن.
ئێرە شاری بڤەیە، شاری یاساخ و قاچاخ و قەدەغەیە! ناو و خۆشەویستی و زمان و ئاڵا لێرە قەدەغەیە. شاری قەرقۆڵ و راوچیەکانە.
شەوانە دەچنە راوی مانگ و ئەستێرە، بۆ ئەوەی ئاڵا بۆ خۆیان دروست کەن. هەموو هەورە چەڵکن و خوێناویەکان هەڵدەگوشن بۆ رەنگی ئاڵاکەیان.
ئەو گوڵمێخانەی کە  عیسای پەیامبەریان پێ بە چوارمیخ کێشا، دیاری ئەو شارە بوو. پڕیشکی تاوانەکانیان پەڕیە سەر لەش و بەژنی  ئوروپاش!
لە سەر تەختی  هوتێل لە بەر سەرما خۆم گرمۆڵە کردبوو، کەسیک لە دەرگا دەدا، دوو پەتووی سەربازیم دەداتە دەست و دەڵێ ئەزیش کرمانجم.
تەقسیم دڵی لە خوێن گەوزاوی شارە، رازیندراوتەوە بۆ فستیواڵی پێکەنینی ئاغایان، شوێنێ گەڕانی گورگە بۆرەکانی چلێس و برسی و ددان بە خوێن. زەرق و بەرقی سەرسەنگی بە پووڵەکە گیراوی ئەژدیها، چیرۆک و باسی هەزاران هەزار سیخمە و کڵۆنجەی پوڵەکەدار و بە مێخەک گیراوی ژنانی وڵاتەکەی منە.
لێرە ژنان بە ریحانە پرچیان ناهۆنەوە، سوسەنبەر بۆنی نیە، گوڵە پێغمبەرە نافرۆشرێ، سەرداری باوی نیە، قورئانیش تورکیەکەی دەبیسترێ!
ئێستاش ئەگەر شەرەفخان بێتە ئەو شارە، منداڵێکی کورد کەوشەکەی بۆ بۆیاخ دەکا، هەموو رۆژێک لەو شارە مەم و زینی ئەحمەدی خانی 40 ملیۆن جار لە سێدارە دەدرێن!
کوا قازی محەمەد هەتا سوێندەکەی بۆ مندالە نازدار و وردیلەکانی وڵاتەکەم، کە لەو شارە پرش و بڵاو بوونەوە و وەکو گەڵای پاییز هەزار و یەک رەنگیان گرتووە، دوبارە کاتەوە؟
ئێستاش پیرەمێرد لە سەر کێوی مامەند چاوەڕێی ئەو منداڵانەیە، هەتا بێن و لە دەوری ئاورە نەورۆزە گۆوەند بگێڕن و سرودی نەورۆز بچڕن.
تیشکی خۆر خۆی خزاندۆتە بریقەی کەوشەکانی پێم. ناوت چیە؟
ناوم ئامێدە.
پادشای ئەو شارە نەخۆشی شێرپەنجەی گرتووە، ناردوویانە لە وڵاتی کازاخستان ئاوی تەرسە قوولی ئەسپی کازاخی بۆ بێنن هەتا هەموو بەیانیان لە ناشتا هەڵیقوڕێنێ، بەڵکوو چاک بێتەوە.
کابرایەک کە جل و بەرگی برسیەتی لە بەردایە، کارتی تەلەفون دەفرۆشێ، بە تورکی دەڵێ منیش کوردم. قەتارێکی جوان و ڕازاوە بە نێو دڵی بازاری تەقسیم دا تێدەپەڕێ،قەتاری سەیاحەت و گەشت و

گوزار. ورکه منداڵەکان وەدوای دەکەون و خۆی پێوه هەڵدەواسن، دەڵێی قنگه لاشکن و با لە گەڵ خۆی دەیانبا. کابرایەکی شەپکە لە سەر بە شەق دوریان دەکاتەوە.
ئەوانە هەموویان بێچووە چۆلەکەکانی وڵاتی منن کە لە هێلانە بەربوونەتەوە و قەتیش هەڵفرین فێر نابن.
منی هەڵوەدا و سەرگەردان لەو شارە لە خودا دەگەڕێم.
هەوری هەموو ئاسمان هاتبوونە سەیری ئەو شارە. مانگی رێبەندانە، هەموو رێگاێکم لێ گیراوە،تەنیا رێگایەکم بۆ ماوەتەوە، ئەویش شەقامێکی نێو دڵی بازاری تەقسیمە. لە سەر شەقامەکە وەک مقەبا ڕەق ببووم و وێستابووم.

کیژۆڵەیەکی چکۆلانە لە بەرانبەرمدا وێستاوە و چاوەکانی بڕیوەتە چاوەکانم، پێم خۆش بوو، بتوێمەوە و خۆم لە ژێر نیگای رزگار کەم.
هەموو هەورەکانی ئاسمان باوەشیان بە یەکتردا گرتوو و سەریان بەیەکەوە ناوە و شین و ڕەش هەڵگەڕاون. بریقەیان لێ دەبێتەو و هاواریان لێ هەڵدەستێ.
کچێکی 6 ساڵانە، کراسێکی چیتی کودەری لە بەردایە و کەوشێکی جیری لە پێیە. لە سەرما هەڵدەلەرزی، ددانەکانی دەنگی هەڵتۆقانی برێشکە لە سەر سێڵی ئاگرین دەدا. بەستزمانانە دەگری، ئاسمانیش لە گەڵی دەگری. ملیۆن ملیۆن فرمێسک دەتکێتە خوار، بەلام فرمێسکی ئەو جیاواز دەنوێنێ!
چی بکەم؟!
هەموو شیعرەکانی عەبدوڵا پەشێوی پێشکەش دەکەم، بەڵام بۆم ژێر نابێتەوە. تەمەنی 6 ساڵە و فرمێسکی 6 هەزرا ساڵە دەڕێژێ.
ئەو تابڵویە هەوێنی هەموو شیعرە نەکوتراوەکانە، سەرتای هەموو چیرۆکە نەنووسراوەکانە. قەتماخەی هەموو برینە هەڵکێندراوەکانی میللەتەکەمە.
لە خودا دەپاڕێمە، بەڵام ئەویش خۆی شاردۆتەوە. ئەژدیها زاری کردۆتەوە و خەریکە هەڵمان دەلوشێ.
دەبم بە ژن، دەبم بە دایک، بەرەوپیری دەچم، لە باوەشی دەگرم.
ڕۆلەکەم، نازدارەکەم، جەرگ و هەناوی دایە، بۆ دەگری؟ بۆ هەڵدەلەرزی؟ بۆ لە بەر ئەو بارانە ڕاوەستاوی!؟
ناوت چیە؟
بەریوان.
بەریوان چی دەکەی؟
دایە گیان، دەبێ ئەوانە بفرۆشم دەنا ناتوانم بچمەوە.
ئەوانە چیە؟
دەسماڵ کاغەزی!!!